# وریاكردنەوەی موسڵمانان

## لە (٩) كاری ناشەرعی

## تایبەت بە شۆفێر و خاوەن ئۆتۆمبیلەكان

## فەتوای

## دەستەیەك لە زانایان

================================================================

لەبڵاوكراوەكانی

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان**

ba8.org
walamakan.com

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

*** پێشەکی :**

إنَّ الْحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِنْ شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ :فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**برای شۆفێری موسڵمان لەم نامیلکەیەدا کۆمەڵێك کاری ناشەرعی ڕوونکراوەتەوە کە پێویستە ئاگاداربیت و خۆتی لێ بە دوور بگری بۆ ئەوەی توشی تاوان و خراپە نەبیت ، و کارە ناشەرعیەکان لە لایەن دەستەیەك لە زانایان ڕونکراوەتەوە لە سەر شێوازی پرسیار و وەڵام .**

**خوای گەورە هەموو شۆفێران لە تاوان و خراپە و ڕوداوی ناخۆش بپارێزێ .**

**١. نوسینی ووشەی (الله) لە دوای ئۆتۆمبیلەوە کە سەردەکێشیٚ بۆ ئەوەی بەرپیسی و شتی نەشیاو بکەوێت.**

**پرسیار :** هەندێك لە خۆشنووسەکان هەڵدەسن بە نووسینی لافیتە و دانانی یان نووسینی ناوی ( الله ) لەسەری و لە دوای سەیارەوە هەڵی دەواسن کە وا دەکات بەرشتی پیس بکەویت، بۆیە داواکارم لەبەرێزتان کە ڕوونکردنەوەمان بدەنیٚ لەوبارەیەوە خوا پاداشتان بداتەوە؟

**وەڵام :** بۆ هیچ خۆشنووس ووێنەکێشێك دروست نیە کە ووشەی (الله) یان هەرناو وسیفەتێکی تری خوای گەورە بنوسێت و لەدوای سەیارەوە یان هەرشتێکی ترەوە دای بنێت یان هەڵیواسێت وهەروەها بۆ خاوەن سەیارەکەش دروست نیە کەبەو کارە رازی بێتو ئیتر بۆ جوانی دای بنێت یان بۆ تەبەروك یاخود وەکو هۆکار ووەسیلەیەك بۆ بیرخستنەوە ئەو بابەتانە کە هەندێك لە خەڵکی عەوام ونەفام ئەو کارە دەکەن، چونکە ئەوە کارێکی بیدعەیە و ئەصلی نیە نەلە قورئاندا ونە لە سوننەتیشدا وە خوای گەورە فەرمانی نەکردووە بەوشێوازە بیپەرستین، و جگەلەوەش ئەوە بەسووك سەیرکردنی ئەو ناوو صیفاتەیە وپاك ڕانەگرتنێتی لەبەرکەوتنی بە شتی نەشیاو وپیس، وە هەروەها سەردەکێشیٚ بۆ ئەوەی خاوەنەکەی تووشی شیرك بکات ئەگەر وەکو پارێزبەندیەك بەکاری بهێنێت وپێی وابێت سوودی پیٚ دەگەیەنێت و زیانی لیٚ دووردەخەنەوە تەنها بە نووسین وهەڵواسینی.

وە ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە لەشەرعی ئیسلامدا بۆ ئەوەیە کە لەبەریان بکەین وماناکانیان بە جوانی بزانین وکاری پێ بکەین و خەڵکیش فێری ئەو زانستە بکەین بۆ ئەوەی زیاتر و باشتر خوای گەورە بناسین و چێژ لە عیبادەت وەربگرین بەهۆیەوە، نەوەك هەڵواسین ودەستپیاهێنانی وتەماشاکردنی و رازاندنەوەی و ئەوشتانە.

لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی وفەتوا بە ژمارە ١٩٦٩١

بەکر ابو زید (ئەندام)

عبدالله بن غدیان (ئەندام)

عبدالعزیز ئال شیخ (جیگری سەرۆك)

عبدالعزیز بن عبدالله بن باز (سەرۆك)

## ٢. هەڵواسینی ئایەتی قورئانی وفەرموودە لە نێو ئۆتۆمبیلدا

**ئایا حوکمی هەلواسینی ئایەت وفەرموودە چیە لە مەجلیس یان سیارە یان شوێنی تر؟**

**وەڵام :** هەلواسینی ئایەتی قورئانی لە نێو مەجلیسەکاندا کارێکی داهێنراوە و خەڵکی دایان هێناوە ولەسەردەمی پێشینەچاکەکاندا ئەم کارە بوونی نەبووە، ئەوەش لەبەر ئەوەی قورئان نەقشو نیگار نیە تا دیواری پێ بڕازێنرێتەوە، وەکو دەبینین هەندێك خەڵك لەوحەیەك هەڵدەواسێت وئایەتی لەسەر نووسراوە ولەسەر شێوەی کۆشکێکدایە یان هەندێکیان سورەتی ئیخلاصی لەسەر نووسراوە لەسەر ئەو شێوازە، بۆیە قورئان لەوە بەرزترە کەبۆ ڕازاندنەوە بەکاربهێنرێت، ئەگەریش بۆ مەبەستی تەبەروك بێت ئەوا تەبەروك کردن بە نوسین وهەلواسینی قورئان ناکرێت بە دیواردا بەڵکو تەبەروکی ڕاستەقینە بە خوێندنەوەی دەکرێت چونکە بە خوێندنی تەنها یەك پیت لێی دە چاکەت دەست دەکەوێت. بەهەمان شێوە ئەگەر مەبەست لە هەلواسینی بریتی بێت لە بیرخستنەوە وئامۆژگاری ئەوا ئێمە نەمان بینیوە ئەو مەجلیسەی کە قورئانی تێدا هەلواسراوە تەقوای زیاترە و مەجلیسی زیکرو ئامۆژگاریە بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبینین چەندین خراپەکاری وکاری ناپەسەند لەو مەجلیسانە ئەنجام دەدرێت وەکو غەیبەت و جگەرەکێشان وقسەی نەشیاو کە ئەمەش لە ڕاستیدا جۆرێکە لە گاڵتەپێکردن کتێبەکەی خوا بەسەر سەریەوەتی و سەرپێچیش دەکات! وە ئەگەریش مەبەست لێی خۆپاراستن و ویرد بێت وەکو هەلواسینی ئایەت بەسەر سنگەوە، ئەوا ئەم جۆرەش بیدعەیە، پیاوچاکانی پێشو بەم شێوازە خۆیان نەپاراستووە بە نووسینی ئایەت

لەسەر دیوارەكانیان، ئەم جۆرەش وا لە مرۆڤ دەكات پشت بەو نووسینە ببەستێت و قورئان نەخوێنێتەوە بۆ خۆی، بەڵكو لەناو ماڵ یان لە مەدخەلدا هەڵی دەواسێت و لەناخی خۆیدا وای داناوە كە ئیتر ئەم ماڵە پارێزراوە، چونكە ئایەتی كورسی یان دووئایەتی كۆتایی بەقەرەی هەڵواسیوە، كەچی دووركەوتۆتەوە لە خۆپاراستنە بنچینەییەكە كە بریتییە لە خوێندنەوەی، ئەوە خوێندنەوەیەتی كە شەیتان راودەنێت نەك نووسینی، بۆیە وای دەبینین كە ئەم جۆرە كارانە لە هەڵواسین و نووسینی ئایەت بەدیواردا ئەنجام نەدرێت.

بەڵام فەرموودە ئەگەر لەگەڵ حاڵەتەكەدا یەكی گرتەوەو گونجاو بوو ئەوا هیچی تێدا نیە بۆ نموونە زیكری كەفارەتی مەجلیس،چونكە ئەمە وەبیرهێنانەوەیەو سوودی تێدایە بۆ خەڵكی، جاری وا هەیە ئەگەر كەسێك ببینێت لەسەر دەرگای مەجلیسەكە نووسراوە :

سبحانك اللهم ربنا وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك ئەوا ئەو زیكرەی بیردەكەوێتەوەو دەیڵێت.

فتاوى نور على الدرب (٢/١٧٧)

**٣. نووسینی وشەی ( الله محمد ) لەتەنیش یەكەوە.**

**پرسیار : ئێمە زۆرجار دەبینین كە ناوی الله و ناوی محمد لەتەنیش یەكەوە دەنووسرێت لەسەر كتێب یان هەندێ قورئان یان لەسەر پارچە لەوحێك، ئایا شوێنەكەی تەواو وشیاوە؟**

**وەڵام :** شوێنەكەی تەواو نیە، چونكە بەم نووسینە پێغەمبەر دەكاتە هاوتای خوا، و ئەگەر یەكێك ئەو دوو ناوە لەتەنیش یەكەوە ببینێت و نەیانناسێت وا گومان دەبات كە هاوتاو هاوشانی یەكترن، بۆیە پێویستە ناوی محمد ﷺ لابرێت و تەنانەت وشەی الله یش با نەنووسرێت چونكە صۆفیەكان بەتەنها بەكاری دەهێنن و دەڵێن الله الله لەبری زیكركردن، بۆیە با ئەمیش نەنووسرێت نەلەسەر دیوار نەلەسەر كتێب وشتی تر. مجموع فتاوی ورسائل ابن العثیمین (٣/٧٥)

**٤- دانانی ئایەتی کورسی لەناو ئۆتۆمبیلدا.**

**پرسیار : ئایا حوکمی دانانی ئایەتی کورسی یان دوعا و زیکرەکان وەکو دوعای سەفەر و دوعای سواربوون وجگە لەوانیش لەناو سەیارەدا چیە؟**

**وەڵام :** ئەگەر دانانی ئەم شتانە بۆ بیرخستنەوە بێت ئەوە دروستە، وەکو دانانی قورئان لەناو سەیارەدا بەمەبەستی ئەوەی هەرکات کاتی هەبوو بیخوێنێت ئەمە دروستە و هیچی تێدا نیە.

بەڵام ئەگەر دڵی پێوەپەیوەست بکات و پێی وابێت ئەوە لە زەرەروزیان دەیگێڕێتەوە وسوودی پێ دەگەیەنێت ئەوا دروست نیە .

صالح ئال شیخ. شرح کتاب التوحید.

**٥- دانانی قورئان لەناو ئۆتۆمبیلدا.**

**پرسیار : هەندێك خەڵك قورئانێك لە بەشی پێشەوەی سەیارەکەی یان بەشی دواوەی دادەنات بەمەبەستی چاوبەست واتە چاوپیس کاریگەری لەسەرنەبێت و لەبەڵا وکارەسات دووری بخاتەوە، جا ئایا ئەم کارە ڕێگە پێدراوە، تکایە ڕوون کردنەوەمان بدەنێ؟**

**وەڵام :** ئەگەر مەبەستی لە دانانی قورئان لەناو سەیارەکەیدا بریتی بێت لە دوورخستنەوەی کاریگەری چاوی پیس وبەڵاوکارەسات ئەوا دروست نیە وڕێگە پێ نەدراوە، بەڵکو ئەوەی چاوی پیس دەگێڕێتەوە بریتیە لە خوێندنەوەی خودی قورئانەکە و دوعاو زیکرەکانو پەناگرتن بەخوا و ئەو شێواز و جۆرانەی روقیە کە هاتوون. جگە لەوەش نەهاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە قورئانی هەڵواسیبێت بەملی یەکێك لە هاوەڵانیدا نەبچووك و نەگەورە یان فەرمانی پێ کردبێت یان ڕێگەی پێدابێت یان لەپێش چاویدا کرابێت لێی بێدەنگ بووبێت یان لەمل و سەرسنگ و سك وشانی هیچ کەسێکدا هەڵی واسیبێت بۆ ئەوەی چاوی پیس کاریان لێ نەکات و لەبەلادووربن ئەمە لەکاتێکدا کە زۆر پێویستیشیان بەو کارە هەبوو، وە هەروەها ئەم هەڵواسینەش ئاسانتر و سووکترە لەوەی یەکێك بهێنیت و روقیەت بۆ بکات و پێغەمبەریش لە بنچینەدا بۆ ئاسانکاری نێردراوە کەچی ئەم کارە نەکراوەو ئامۆژگاریشی نەکردووە بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە، جا ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە لەسەر ناڕەوایەتی ئەو کارە.

صالح ئال شیخ.

**٦- پرسیار: ئایا حوکمی دانای هەندێ دەستەواژە چیە لەناو سەیارە وماڵ وشوێنەکاندا وەکو دەستەواژەی ماشاْ اللە و تبارك اللە و هذا من فضل ربي.**

**وەڵام:** ئەمەش هەمان حوکمی هەلواسینی ئایەتی هەیە لەسەر دیوار وناو سیارە و شوێنی تر.

جا ئەگەر مەبەست لێی بریتی بێت لە ڕێنمایی کردن بۆ کردنی کارێکی شەرعی سوننەت ئەوا حەلاڵە.

وە ئەگەریش مەبەست لێی بریتی بێت لە خۆپاراستن وچاوبەست و خۆپارێزی لەبەلا و ناخۆشی ئەوا دروست نیە.

صالح ئال شیخ.

**٧- پرسیار : هەندێك لە شوفێرەکان پارچە پەڕۆیەکی ڕەش بە سەیارەکانیانەوە دەبەستن بە نیازی ئەوەی لە بەڵا وکارەسات دووریان بخاتەوە و ئیتر نەکەونە حاڵەتی ڕووداوی دڵتەزێنەوە، جا ئایا ئێمە هەستین بە لێکردنەوەیان یان چی بکەین؟**

**وەڵام :** ئەگەر بەستنی ئەو پارچە پەڕۆیانە لەلایەن ئەو کەسانەوە بۆ ئەو مەبەستەیە کە باست کرد ئەوا دەبێت لا ببرێن ولەلابردنیشیاندا فەزڵی لابردنی نوشتە ودوعای تێدایە و رزگار کردنی خاوەنەکانیشیانە لەو جۆرە تاوانە، جا ئەمەش وەستاوە لەسەر ئەوەی بزانرێت ئەو پەڕۆیە بۆ ئەو مەبەستە دانراوە کە زەرەری لێ دووربخاتەوە، ئەگەر وابوو ئەوا ئەو هەرکەسێك بەرچاوی کەوت نابێ تێپەڕبێت هەتا لای نەبات چونکە باوەڕبوونە بە جگە لەخوا و خاوەنەکەی تووشی شیرکی بچووك دێت و جۆرێکە لە جۆرەکانی مونکەر کە دەبێت بەدەست لابرێت

صالح ئال شیخ.

**٨- هەندێ دەستەواژە دەبینین كە هەڵواسراوە بە هەندێك لە ئۆتۆمبیلەكاندا وەكو دەستەواژەی " یا رضی الله و رضاالوالدین "**

**وەڵام :** ئەم دەستەواژەیە لە دوو ڕووەوە هەڵەی تێدایە.

**یەكەم** ئەم كەسە بانگی ڕەزای خوای كردووە، وە ئاشكرایشە بانگ كردنی صیفەتی خوا بە بەكارهێنانی ئامرازی (یا) دروست نیە، چونكە صیفەت لەم كاتەدا خودی زاتی خوای پەروەردگار نیە، وە تەنانەت شیخ الإسلام ابن تیمیە بەرەحمەت بێت دەگێڕێتەوە كە بانگ كردنی صیفەتی خوا حەرامە بە یەكدەنگی زانایان.

**ڕووی دووەم :** ئەم كەسە ڕەزای دایك وباوكی كردۆتە هاوتا و هاوشانی ڕەزای خوای گەورە بەبەكارهێنانی پیتی (و) لەكاتێكدا لەم شوێنەدا گونجاوتربوو ووشەی ( ثم ) ی بەكاربهێنایە، بۆ نمونە بیوتایە: أسأل الله رضاه ثم رضی الوالدین، هەرچەندە بەكارهێنانی واو لێرەدا هیچی تێدا نیە چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ (١٤) ﴾ وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ﴾ چونكە بەكارهێنانی واو هاوبەشی دەخوازێت لە بنچینەی ڕەزامەندیەكەدا و ئەم ڕەزامەندیەش لەدایك وباوكیشەوە دەبێت، بۆیە هاوبەشیەكە لەواتا و ماناادا دەبێت نەوەك لە پلە وپایە ومەرتەبە.

صالح ئال شیخ

### ٩- ئایا حوکمی هەڵواسینی تەسبیح لەناو سەیارەدا چیە؟

وەڵام : نەخێر نەخێر با هەڵنەواسرێت بە سەیارەدا و باهەمیشەش پێت نەبێت، چونکە ئیشکالی تێدایە وبۆتە دروشمی صۆفی لای صۆفیەکان، جا بۆیە ئەم تەسبیحە وازلیٚ بهێنە و بەپەنجەکانت زیکر بکە برام. شیخ صالح الفوزان.

### لەکۆتاییدا:

ئەو کەسەی کە دوعای سواربوون لە سەیارە هەلدەواسێت یان هەر زیکرێکی تر ئەوا دروستە وهیچی تێدا نیە و بیرخەرەوەی موسڵمانانە لە وتنی ئەو زیکرانە لە کاتی گونجاوی خۆیدا، بەڵام باشتر وایە ئەو نووسینانە بە خەتی گەورە بنووسرێن بۆ ئەوەی ئەو کەسەشی لە دواوە سەرکەوتووە بتوانێت بیبینێت و بیخوێنێتەوە وسوودی لیٚ وەربگرێت، چونکە لەراستیدا ئەوەی بینراوە بە بچووکی نوسراوە کە تەنها ئەوەی تەنیشت شوفێرەکە نەبێت ناتوانێت بیخوێنێتەوە.

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**ba8.org**
**walamakan.com**